# پۆزەتیف و نێگەتیڤەکەی هیگڵیانیزم لە لای مارکس

## سەرەتایەک بۆ لۆژیکی دیالەکتیکی لە نێوان هیگڵ و برۆدۆن و مارکسدا




کارل مارکس



کۆکردنەوەو وەرگێڕانی: ئەنوەر نەجمەدین

مارس ٢٠١٨

# سەرەتا

بەر لە ٢٥٠٠ ساڵ لەمەوبەر، فەلسەفەی کلاسیکی یۆنانی، لە ڕواقیەکان و ئەفلاتونیەکانەوە، کۆنسێپتی خێرو شەڕی لەگەڵ ئاینە ئاسیاویەکاندا دابەش کرد، لەگەڵ ئاینی هیندۆس و بوزی و زەرادەشت، هێزی شەڕیش لەو فەلسەفەیەدا، هەروەک لەنێو ئاینەکاندا، بە ململانێی نێوان دوو پرنسیپە دژەکە، یان دوو ئایدیا دژەکە ناسراوە، ئەو دوو دژەی چ لە ئاین و چ لە فەلسەفەدا، بە خواوەندی خێرو خواوەندی شەڕ ناسراوە، ئیتر ئەمە لە مێژووی کۆن و نوێدا. وە هەر ئەمەیشە لە فەلسەفەی یۆنانیدا، دوو لایەنە دژەکەی لۆژیکی دیالەکتیکی پێکدەهێنێت. ئەو دوو لایەنە لە هیگڵ و برۆدۆندا، بە باشی دەبینرێن، بە تایبەت لە پۆزەتیڤ و نێگەتیڤەکەی هیگڵیانیزمدا. ئەم کۆنسێپتە، بەسەر هەموو فەلسەفەی ئەوروپیشدا تێپەڕیوە، ئیتر هەر لە سپینۆزاو هۆبزو لوکەوە تا بە کانت دەگات. بۆیە سەیر نیە هیگڵ خۆی، دان بەوەدا بنێت، کۆنسێپتی نەفی لە دژەتێزەکاندا، یان یەکێتی نێگەتیڤەکان، لە سپینۆزاوە سەرچاوە دەگرێت.

باوکە ڕوحیەکەی مارکسیزمی ڕووسییش، پلیخانۆف، تەواوی تێزە ماتریالیستیەکانی مارکس، دەگێڕێتەوە سەر سپینۆزاو دیالەکتیکی هیگڵ، ئەمە لەکاتێکا مارکس، دیالەکتیک وەک ئایدیای بێگەرد دەناسێت و ماتریالیزمەکەی سپینۆزایش وەک ماتریالیزمی میکانیکی دەناسێت. بۆیە دەربارەی گۆڕانە مێژووییەکان دەڵێت:

"مەبەست (یەکێتیە نێگەتیڤە) کەی دوو لایەنە هیگڵیە دژەکە نیە، بەڵکو مەبەست ئەو لەناوچوونەیە کە بە مەرجی ماتریالیستی ڕوودەدات" (کارل مارکس، الایدیولوجیة الالمانیة، ٣٥٩).

مێژووی ماتریالیزمی میکانیکی دەگەڕێتەوە بۆ سەدەی حەڤدەهەم، بۆ چەرخی میکانیکا، بۆ ماتریالیزمی سپینۆزای هۆڵەندی (١٦٣٢ - ١٦٧٧)؛ هەر ئەویش سەرچاوەی مارکسیزمەکەی بلیخانۆفە.

مارکس بە هەمان شێوە، مامەڵەی دیالەکتیکەکەی پرۆدۆنیش دەکات. وە وەک لێرەدا دەیبینن، مارکس دەیەوێت دژی هیگڵ و پرۆدۆن بڵێت: ئێمە لە باسەکانماندا ڕووبەڕووی مێژوو دەبینەوە، مێژووییەکی ماتریالیستی. با ببینین مارکس چۆن لەو مێژووە دەدوێت؟ چ میتودێک بەکاردەهێنێت لە لێکۆڵینەوەکانیدا؛ مێتودی دیالەکتیکی یان مێتودی تاقیگەیی؟

# پۆزەتیڤ و نێگەتیڤەکەی هیگڵیانیزم لە لای مارکس

## سەرەتایەک بۆ لۆژیکی دیالەکتیکی لە نێوان هیگڵ و برۆدۆن و مارکسدا

**کارل مارکس**

**ئەم ڕێگایەی پرۆدۆن بۆ روون کردنەوەی شتومەک بەکاری دەهێنێت، چێژەکەی لە گریکی و عیبریەوە وەرگیراوە، ئەمە لەیەککاتدا، سۆفیگەرایی و هێماگەراییشە.**

**ماتریالی زانایانی ئابووری، ژیانی چالاک و زیندووی مرۆڤە؛ ماتریالەکانی پرۆدۆن دۆگماکانی زانا ئابووریەکانە.**

**پرۆدۆن کە ئەم پەیوەندیانە وەک پرنسیپ و کاتێگۆری و ئایدیای ئابستراکت وەردەگرێت، هیچ ناکات ئەوە نەبێت، ئەو ئایدیایانە، لەسەر پیتەکانی ئەلف و بێ ڕێک بخات؛ ئەمەیش وەک ئەوەی لە کۆتایی هەر لێکۆڵینەوەیەکی ئابووری سیاسیدا دەبینرێت.**

**ماتریالی زانایانی ئابووری، ژیانی چالاک و زیندووی مرۆڤە؛ ماتریالەکانی پرۆدۆن دۆگماکانی زانا ئابووریەکانە. بەڵام لەو کاتەدا کە واز لە شوێنکەوتنی بزووتنەوەی مێژوویی پەیوەندیەکانی بەرهەمهێنان دەهێنین، کە کاتێگۆریەکان هیچ نین دەربڕینێکی تیۆری نەبێت لەبارەیانەوە، لەو چرکەساتەدا کە نامانەوێت هیچ لەو کاتێگۆریانە بینین ئایدیاکان نەبێت، ئایدیا خۆبەخۆکان، سەربەخۆ لە پەیوەندیە واقیعیەکان، ئەوکاتە ناچار دەبین، ئەسڵی ئەم ئایدیایانە بگێرینەوە بۆ بزووتنەوەی عەقڵی بێگەرد pure reason [مەبەست یەزدانە]. بەڵام چۆن ئەم عەقڵە بێگەردە، هەتاهەتاییە، ناشەخسیە، ئەو ئایدیایانە دروست دەکات؟ وە چۆن دەستدەکات بە بەرهەمهێنانیان؟**

**ئەگەر ئێمەیش بوێریەکەی پرۆدۆنمان هەبوایە لە پرسەکانی هیگڵیانیزمدا، دەبوایە بمانگووتایە: ئەمە خۆی، خۆی جیادەکاتەوە لە خۆی. ئەمە یانی چی؟ عەقڵی ناشەخسی Impersonal reason، کە نە لە دەرەوەی خۆیدا هیچ بنکەیەکی هەیە بتوانێت خۆیی لەسەر ڕابگرێت، نە هیچ شتێکی هەیە بتوانێت دژایەتی خۆیی پێبکات، وە نە هیچ بابەتێکیشی هەیە بتوانێت خۆیی لێ پێکبهێنێت، ناچار دەبێت خۆی بەسەر سەرا هەڵگێرێتەوە بۆ دانانی خۆی، دژایەتی خۆی، وە پێکهێنانی خۆی –دانان position، دژەکان opposition، پێکهاتن composition[1]. یان، ئەگەر بە گریکی بدوێین - تێز Thesis، دژەتێز Antithesis، وە پێکهاتە Synthesis[2]. ئەمەیش بۆ ئەو کەسانەی لە دەستەواژەکەی هیگڵیانیزم تێناگەن: سەماندن Affirmation[3]، وە نەفی کردن Negation وە نەفی کردنی نەفی Negation of Negation، ئەمەیە واتای زمان. بە دڵنیاییەوە ئەمە زمانی عیبری نیە (بە داوای لێبوردنەوە پرۆدۆن)؛ بەڵکو ئەمە زمانی ئەو عەقڵە بێگەردەیە [مەبەست یەزدانە]، کە دابڕاوە لە زمانی تاک. وە لە بری تاکی ئاسایی بە شێوازی ئاسایی قسە کردن و بیرکردنەوەی خۆیەوە، هیچمان نیە ئەو شێوازە ئاساییە نەبێت کە لە نێو خۆیدایە -بەبێ تاک ..**

* * *

**بچووک کردنەوەی هەموو شتێک بۆ کاتێگۆریەکی لۆژیکی، وە بچووک کردنەوەی هەموو بزووتنەوەیەک، هەموو کردەیەکی بەرهەمهێنان بۆ مێتود، ئەوەی بە دوادا دێت کە کۆی هەموو بەرهەمهێنراوەکان و بەرهەمهێنان، لەشتومەک و لە بزووتنەوە، دەتوانرێت بچووک بکرێتەوە بۆ میتافیزیکێکی پراکتیکی. ئەوەی هیگڵ لە دین و یاساو شتی تردا کردوویەتی، پرۆدۆن هەوڵدەدات لە ئابووری سیاسیدا بیکات.**

---

[1]. ئەم سێ ووشەیەی دوایی لە چاپی عەرەبیدا نیە.

[2]. ئەو سێ زاراوەیە لە چاپە عەرەبیەکاندا بە شێوەی جیاواز وەرگێردراون. لە یەکێکیاندا بە (الموضوع، نقيض الموضوع، التركيب)، لە یەکێکی تریاندا بە (قاعدة أو فكرة، فكرة متناقضة، ونتيجة الفكرة)، لە سویدیدا: (tes, antites och syntes) کە بەرامبەر ئەسڵە ئەڵمانیەکەیەتی: (These, Antithese, Synthese). لە ئینگلیزیدا: (تێز Thesis، دژەتێز Antithesis، وە پێکهاتە Synthesis) دەگرێتەوە (وەرگێر).

[3]. Affirmation جەخت کردنەوە لەسەر - یان سەلماندنی ئایدیایەکی پۆزەتیڤ (وەرگێر).

کەواتە ئەو مێتودە ڕەهایە چیە؟ ئەوە ئابستراکت کردنی بزووتنەوەیە. ئەی ئابستراکت کردنی بزووتنەوە چیە؟ ئەوە بزووتنەوەیە لە حاڵەتی ئابستراکت کردندا، ئەی بزووتنەوە چیە لە حاڵەتی ئابستراکتدا؟ ئەوە داڕشتنە لۆژیکیەکەی بزووتنەوەیە یان بزووتنەوەی عەقڵی بێگەردە. ئەی عەقڵی بێگەرد لە چی پێکدێت؟ لە دانانی خۆی posing itself، دژایەتی خۆی opposing itself، پێکهێنانی خۆی composing itself؛ بۆ داڕێژانی خۆی وەک تێز Thesis، دژەتێز Antithesis، پێکهاتن Synthesis، یان، بۆ سەلماندنی خۆی affirming، نەفی کردنی خۆی negating، وە نەفی کردنی نەفیەکەی خۆی negating its negation.

عەقڵ چۆن کاردەکات بۆ جەخت کردنەوە لە خۆی، بۆ دانانی خۆی لە کاتێگۆریەکی دیاریکراودا؟ ئەمە کاری عەقڵ خۆی و بەرگریکارەکانێتی.

بەڵام کاتێک عەقڵ دەستدەکات بە دانانی خۆی وەک تێز Thesis، ئەم تێزە، ئەم بیرە thought، دژی خۆی دەوەستێتەوە، کەرت دەبێت بە دوو ئایدیای دژ بەیەک - پۆزەتیڤ و نیگەتیڤ، بەڵێ و نەخێر. ناکۆکی نێوان ئەم دوو ڕەگەزە دژبەیەکەی لە دژەتێزەکان Antithesis پێکدێن، بزووتنەوەی دیالەکتیکی Dialectical Movement پێکدەهێنێت. بەڵێ دەبێتە نەخێر، نەخێر دەبێتە بەڵێ، بەڵێ دەبێتە هەردوو بەڵێ و نەخێر، نەخێر دەبێتە هەردوو نەخێرو بەڵێ، وە ئیتر دژەکان پارسەنگ دەبنەوە، بێلایەن دەبن، وە یەکتری ئیفلیج دەکەن. یەکگرتنی ئەم دوو ئایدیا دژە، ئایدیایەکی نوێ پێکدەهێنێت کە پێکهاتەیەکە Synthesis لە هەردووکیان. ئەم ئایدیایەیش، سەرلەنوێ کەرت دەبێتەوە بە دوو ئایدیای دژ بەیەک کە ئەوانیش بە دەوری خۆیان، لە پێکهاتەیەکی Synthesis نوێدا ئاوێتە دەبنەوە. ئا لەم ژانگرتنەوە، گروپێک لە ئایدیا لە دایک دەبێت. ئەو گروپە لە ئایدیا، شوێن هەمان بزووتنەوەی دیالەکتیکی دەکەوێتەوە هەروەک کاتێگۆریەکی سادە، وە گروپێکی دژیشی هەیە وەک دژەتێز Antithesis. ئا لەم دوو گروپە ئایدیایەیش، گروپێکی نوێ لە ئایدیا لەدایک دەبێت کە دژەتێزی Antithesis هەموویانە[4].

وە هەروەک چۆن لە بزووتنەوەی دیالەکتیکیی کاتێگۆریە سادەکانەوە، گروپێک لەدایک دەبێت، ئەوا لە بزووتنەوەی گروپە دیالەکتیکیەکانیشەوە، زنجیرەیەک لە دایک دەبێت، وە لە بزووتنەوە دیالەکتیکیەکەی ئەو زنجیرانەیشەوە، تەواوی سیستمەکە لەدایک دەبێت.

ئا ئەم مێتودە لەسەر کاتێگۆریەکانی ئابووری سیاسی پراکتیزە بکە، لۆژیک و میتافیزیکی ئابووری سیاسییت دەستدەکەوێت، یان، بە دەستەواژەیەکی تر، ئەو کاتێگۆریە ئابووریانەت وەگیردەکەوێت کە هەموو کەس دەیانزانێت، بەڵام وەرگێڕدراون بۆ زمانێک کە کەم ناسراوە، وە وایشیان لێدەکات وا بنوێنن وەک ئەوەی تازە لە سەری عەقڵی بێگەرددا گەشابێتنەوە، ئەو کاتێگۆریانەیش وا دەردەخرێن وەک ئەوەی ئەمە بە کاری بزووتنەوەی دیالەکتیکی پێکەوە بەسترابێتن و لە یەکەوە ئاڵابێتن. بەهیوایشم خوێنەر بێتاقەت نەبێت لەم میتافیزیکە بەم هەموو *یونیانی* کاتێگۆری و گروپ و زنجیرەو سیستمانەیەوە. پرۆدۆن، سەرباری ئەو هەموو هیلاکیەی تووشی هاتووە بۆ گەیشتن بە بەرزترین لووتکەی سیستمی دژەکان، هەرگیز نەیتوانیوە، خۆی لە دوو پلەی یەکەم، بەرزتر بکاتەوە، لە تێزو دژەتێزە ئاسانەکان؛ وە تەنانەت ئەو دوو جارەیش کە پێیدا هەڵزناوە، لە یەکێک لەو دوو بۆنەیەدا، بەسەر پشتدا کەوتۆتەوە خوارەوە.

تا ئێستا هەر دیالەکتیکی هیگڵمان شیکردۆتەوە. دواتر دەبینین چۆن پرۆدۆن سەرکەوتوو بووە لە نزمکردنەوەی ئەمەیشدا بۆ سادەترین ڕێژە. هەر بەوجۆرە، بەلای هیگڵەوە، هەرچی ڕوویداوەو تا ئێستایش ڕوودەدات، هەر ئەوەیە کە لە زیهنی خۆیدا ڕوویداوە. هەر بەو جۆرە فەلسەفەی مێژوو هیچ نیە مێژووی فەلسەفە نەبێت، مێژووی فەلسەفەکەی خۆی. وە ئیتر "مێژوویەک لەسەر زنجیرەی کات" بوونی نیە، بەڵکو هەر تەنها "زنجیرەی ئایدیا لە تێگەیشتنیاندا" بوونی هەیە. هیگڵ وادەزانێت جیهان بە بزووتنەوەی ئایدیا بینا دەکات، ئەمە لەکاتێکا ئەو، هەر تەنها سیستماتیکیانە، بە مێتودی ڕەها، بە بینا کردنەوەو پلەبەند کردنی ئەو ئایدیایانەوە خەریکە کە لە عەقڵی هەموو کەسێکدایە ....

* * *

---

[4]. دژەتێز (**antithesis**): لە یۆنانی کۆندا ("setting opposite", from ἀντί "against" and θέσις "position")، ووتەیەکە دژی ووتەیەکی پێشتر، کە دواتر لە فەلسەفەی یۆنانیدا، وەک دوو دژ دەناسرێن، واتە دژایەتی نێوان دوو لایەنەکەی لۆژیکی دیالەکتیکی (ڕاست True) و (هەڵە False). (synthesis) پێکهاتەیەکە لە کۆی نێوان (تێزێک) و (دژەکانی). لە یۆنانی کۆندا "σύνθεσις, σύν "with" and θέσις "placing"" ئیشارەتە بە تێکەڵ بوونی دوو بوونەوەر یان دوو یەکە (یان زیاتریش) کە شتێکی نوێ پێکدەهێنن.

لە هەموو کۆمەڵگایەکدا، پەیوەندیەکانی بەرهەمهێنان گشتگیرێک پێکدەهێنێت. پرۆدۆن وا لەو پەیوەندیە ئابووریانە دەڕوانێت، وەک ئەوەی ژمارەیەکی زۆر قۆناغی کۆمەڵایەتی بن، کە هەریەکەیان لەوی تریانەوە لەدایک ببن، وە هەریەکەیان، هەروەک تێزەدژەکان Antithesis لەو تێزانەوە Thesis بەرهەم بێن کە لە زنجیرە لۆژیکیەکەیدا، عەقڵێکی ناشەخسی مرۆیی وەدی دەهێنێت.

تەنها خراپەی ئەم مێتودە ئەوەیە، کاتێک دێتە سەر پشکنینی هەر یەکێک لەو قۆناغانە، پرۆدۆن ناتوانێت، بەبێ پەنا بردن بۆ هەموو پەیوەندیەکانی تری نێو کۆمەڵگا، ئەمە ڕوون بکاتەوە، ناتوانێت لە هیچ پەیوەندیەکیشیان، بزووتنەوە دیالەکتیکیەکەی پێکبهێنێت. دوای ئەوەیش، کاتێک پرۆدۆن، بەهۆی عەقڵی بێگەردەوە، دەستدەکات بە لەدایک بواندنی قۆناغەکانی تر، وا مامەڵەیان دەکات، وەک ئەوەی منداڵی ساوا بن. وە بیری دەچێت ئەوان هەر لە هەمان تەمەنی یەکەمجاریاندان.

هەر بەوجۆرە، بۆ ئەوەی بگاتە پێکهێنانی بەها، کە ئەمە لەلای ئەو بناغەی هەموو گەشە ئابووووریەکانە، ناتوانێت ئەوە ئەنجام بدات بەبێ دابەشبوونی کار، ڕکابەری، هتد. چونکە، بە تێگەیشتنی ئەو، ئەم پەیوەندیانە، هێشتا لە زنجیرەی لۆژیکیدا، بوونیان نیە.

بۆ دامەزراندنی بونیانی سیستمێکی ئایدیۆلۆژی؛ بە یارمەتی کاتێگۆریەکانی ئابووری سیاسی، مرۆڤ ناچارە، لقەکانی سیستمی کۆمەڵایەتی هەڵبوەشێنێت. وە لایەنە جیاوازەکانی کۆمەڵگا بکاتە ژمارەیەکی زۆر کۆمەڵگای دابڕاو لەیەکتر کە هەریەکەیان بەدوای ئەوی تریاندا دێت. ئەی لە واقیعدا چۆن، تاکە داڕشتنێکی لۆژیکیی بزووتنەوە، دەتوانێت زنجیرەی کات و سترەکچەری کۆمەڵگا ڕوون بکاتەوە، کە لەیەک کاتدا هەموو پەیوەندیەکانی پێکەوە تێدا دەژین و هەریەکەیشیان پاڵپشتیی ئەوی تریان دەکات؟

ڕێمان بدەن با ئێستا ببینین ئەو گۆڕانکاریە[5] چیە پرۆدۆن لە دیالەکتیکی هیگڵدا دەیکات کاتێک ئەمە لەسەر ئابووری سیاسی پراکتیزە دەکات.

لای ئەو، پرۆدۆن، هەموو کاتێگۆریەکی ئابووری، دوو لایەنی هەیە -یەکێکیان خێر، ئەوی دی شەڕ. ئەو وا لەم کاتێگۆریانە دەڕوانێت هەروەک چۆن برجوازیەکی بچووک دەڕوانێتە مەزنەکانی مێژوو: *ناپلیۆن* پیاوێکی مەزن بوو؛ خێری زۆر بووە، هەروەها شەڕیشی زۆر بووە.

بەلای پرۆدۆنەوە، *لایەنی خێر* و *لایەنی شەڕ*، *چاکە* و *خراپە*، پێکەوە، لە هەموو کاتێگۆریەکی ئابووریدا، *دژایەتیەک* پێکدەهێنن.

وە ئەو کێشەیەی کە دەبێت چارەسەر بکرێت: پارێزگاری کردنی خێرو لەناوبردنی شەڕە.

* * *

هیگڵ هیچ کێشەیەکی نیە دایبڕێژێت. تەنها دیالەکتیکی هەیە. پرۆدۆنیش هیچی لە دیالەکتیکی هیگڵ نەهێناوە زمان نەبێت. بەلای ئەوەوە، بزووتنەوەی دیالەکتیک، جیاکردنەوەیەکی دوگماتیکی نێوان چاکەو خراپەیە.

ڕێمان بدەن بۆ چرکەیەک وایدابنێین، پرۆدۆن خۆی کاتێگۆریەکە. ڕێمان بدەن با خێرو شەڕی ئەو، چاکەکانی و خراپەکانی، بپشکنین.

---

[5]. مارکس لە تەواوی ئەم باسەدا، دەستەواژەی (کاتێگۆری) بەکاردەهێنێت: کاتێگۆری *category*: کاتێگۆری هەر شتێکە کە ڕەگەزو تایبەتمەندیەکی خۆیی هەبێت. هەر شتێکی جیاواز، هەر یەکەیەکی جیاواز، وە یان هەر کۆمەڵە شتێک، کاتێگۆریەک پێکدەهێنێت، ئیتر ئەو شتە پیشەسازی بێت بە گشتی یان پیشەسازیەکی تایبەتی، وێبسایتێک بێت یان هەر بەشێکی پێکهێنەری، ڕاپۆرتێک بێت یان ئامێرێک، بەرهەمهێنان بێت یان بەکاربردن، ئایدیایەک بێت یان دیاردەیەکی ئابووری، ئەو دیاردە ئابووریانەی پرۆدۆن دەیەوێت بە دیالەکتیک، بە لۆژیکی دیالەکتیکی، چارەسەریان و بکات و مارکس، لەم کتێبەدا، دیالەکتیک، وە یان مێتودی دیالەکتیکی، وەک مێتودێکی میتافیزیکی دەناسێنێت و لە بارەیانەوە دەڵێت: "ئا ئەم مێتودە لەسەر کاتێگۆریەکانی ئابووری سیاسی پراکتیزە بکە، لۆژیک و میتافیزیکی ئابووری سیاسییت دەستدەکەوێت، یان، بە دەستەواژەیەکی تر، ئەو کاتێگۆریە ئابووریانەت وەگیردەکەوێت کە هەموو کەس دەیانزانێت، بەڵام وەرگێڕدراون بۆ زمانێک کە کەم ناسراوە، وە وایشیان لێدەکات وا بنوێنن وەک ئەوەی تازە لە سەری عەقڵی بێگەرددا گەشابێتنەوە، ئەو کاتێگۆریانەیش وا دەردەخرێن وەک ئەوەی ئەمە بە کاری بزووتنەوەی دیالەکتیکی پێکەوە بەسترابێتن و لە یەکەوە ئاڵابێتن. بەهیوایشم خوێنەر بێتاقەت نەبێت لەم میتافیزیکە بەم هەموو *بونیانی* کاتێگۆری و گروپ و زنجیرەو سیستمانەیەوە" (بڕوانە لاپەڕەکانی داهاتووی ئەم کتێبە" (وەرگێڕ).

ئەگەر چاکەی پرۆدۆن لەچاو هیگڵدا، دانانی ئەو کێشانە بێت کە وەک خێرێکی گەورە بۆ مرۆڤایەتی، مافی چارەسەر کردنیانی بۆ خۆی پاراستبێت، ئەوا خراپەکەی ئەوەیە تووشی نەزۆکی دێت کاتێک پرسەکە، هاوپەیوەستە بە سەرهەڵدانی کاتێگۆریەکی نوێوە لە ژانی لەدایک بوونێکی دیالەکتیکیانەوە. ئەوەی بزووتنەوەی دیالەکتیکی پێکدەهێنێت، ئەوە پێکەوە ژیانی دوو لایەنی دژ بە یەکە، ململانێ و ئاوێتە بوونەوەیانە لە کاتێگۆریەکی نوێدا. بۆیە هەر تەنها دانانی کێشەی لەناوبردنی لایەنی شەڕ، بزووتنەوە دیالەکتیکیەکە دەقرتێنێت و کورتی دەکاتەوە. وە ئەوەیش خودی کاتێگۆریەکە خۆی نیە لە سروشتی ناکۆکی خۆیەوە، خۆی دەربخات و ببێتەوە بە دژی خۆیشی، بەڵکو ئەوە پرۆدۆنە لە نێوان دوو لایەنەکەی کاتێگۆریەکەدا، حەماس دەیگرێت و دەشڵەژێت و تووڕە دەبێت و کڵپە دەسێنێت و دەبێتە دوکەڵ ..

* * *

لێرەدا، هەر لەناکاوێکدا، بەهۆی جۆرە وەرگەڕانێکەوە کە هەر ئێستا لە نهێنیەکەی تێدەگەین، میتافیزیکی ئابووری سیاسی دەبێتە وەهمێک! پرۆدۆنیش هەرگیز لەمە ڕاستگۆتر قسەی نەکردووە. لە ڕاستیدا، ئەوکاتەی پرۆسێسی بزووتنەوەی دیالەکتیکی ئاوا بچووک دەکرێتەوە بۆ پرۆسێسێکی سادەی خێر دژی شەڕ، وە بۆ دانانی کاتێگۆریەک وەک دژەدەرمانی کاتێگۆریەکی تر، ئیتر ئەوکاتە هەموو کاتێگۆریەکانی تر لە هەموو جووڵەیەکی خۆبەخۆ دەکەون، ئایدیا "لە کار دەوەستێت"؛ بەڵکو ئیتر هیچ ژیانێکی تێدا نامێنێت. ئیتر چیتر ئەو ئایدیایە خۆی دانانێتەوە یان پارچە پارچە نابێت بە چەند کاتێگۆریەکی تر. وە ئیتر زنجیرەی کاتێگۆریەکان، دەبنە جۆرێک لە *بونیان*. وە ئیتر دیالەکتیک لەوە دەوەستێت بزووتنەوەی عەقڵی ڕەها بێت[6]. ئیتر چیتر، هیچ جۆرە دیالەکتیکێک نامێنێتەوە، بەڵکو، بەلای زۆرەوە، تەنها هەر ئەخلاقی بێگەرد دەمێنێتەوە.

کاتێک پرۆدۆن قسەی لەسەر *پەیوەندیی زنجیرەی تێگەیشتنەکان* کردووە، *زنجیرەی لۆژیکیی کاتێگۆریەکان*، ئیتر ئەوکاتە ئەو، پۆزەتیڤانە ڕایگەیاندووە، کە نەیویستووە، *مێژوو لەسەر بنەمای زنجیرەیەکی زەمەنی پێشکەش بکات*، واتە، لە دیدگای پرۆدۆنەوە، ئەمەیە ئەو زنجیرە مێژووییەی کاتێگۆریەکان خۆیانی تێدا مانیفێست دەکەن. هەر بەوجۆرە، سەبارەت بەو، هەموو شتێک لە عەقڵێکی ساماڵی بێگەرددا ڕوویداوە. هەموو شتێکیش لەو ساماڵەوە، بەهۆی دیالەکتیکەوە وەردەگیرێت. وە ئێستا ئیتر، کاتێک دەبێت ئەو، دیالەکتیک بخاتە پراکتیکەوە، عەقڵەکە سەری لێدەشێوێنێت. دیالەکتیکەکەی پرۆدۆن، پێچەوانەی دیالەکتیکەکەی هیگڵ دەبێتەوە. وە ئێستا ئیتر دەبینین، پرۆدۆن باریکی دەکاتەوە بڵێت، ئەو زنجیرەیەی کاتێگۆریە ئابووریەکان پێشکەش دەکات، چیتر ئەو زنجیرەیە نیە کە هەریەکەیان ئەوی تریان دروست دەکات. چیتر گەشە ئابووریەکان، گەشەی خودی عەقڵ خۆی نیە.

کەواتە پرۆدۆن چیمان دەداتێ؟ ئایا ئەو مێژووە واقیعیەیە کە کاتێگۆریەکان، بە پێی تێگەیشتنی پرۆدۆن، خۆیانیان لەسەر زنجیرەی کات تێدا مانیفێست کردووە؟ نەخێر! ئەی ئەو مێژووەیە لە ئایدیا خۆیدا ڕوودەدات؟ هێشتایش لەوەیش کەمترە! ئەمە نە مێژووی کاتێگۆریە دونیاییەکانەو نە مێژووی پیرۆزەکانیان. ئەی کەواتە ئەو چ مێژوویەکمان دەداتێ؟ مێژووی ئەو دژانەی تایبەتن بە خۆی. دە با ببینین ئەمانە چۆن دەڕۆن و چۆن پرۆدۆن ڕادەکێشنە نێو شەمەندەفەرەکەی خۆیانەوە ..

* * *

*ئامێر* بەلای پرۆدۆنەوە، "دژەتێزی لۆژیکیی دابەشبوونی کارە"، وە بە یارمەتی دیالەکتیکەکەی، دەستدەکات بە کردنی ئامێر بە فابریکە.

دوای ئەوەی فابریکەی مۆدێرن وەک پێشگریمانەیەک دادەنێت؛ ئینجا بۆ ئەوەی هەژاری بکاتە دەرئەنجامی دابەشبوونی کار، پرۆدۆن هەژاری دەکاتە پێشگریمانەیەک کە لە دابەشبوونی کارەوە هاتووە، ئەمەیش بۆ ئەوەی بگاتە فابریکەو بتوانێت وایدابنێت فابریکە نەفی کردنێکی دیالەکتیکیانەی ئەو هەژاریەیە. دوای پێداکێشانێکی ئەخلاقیانەی کارگەر بەهۆی کارە نزمەکەیەوە، لە باری جەستەییشەوە، بە کرێی کار سووکی دەکات؛ وە دوای ئەوەیشی کارگەر دەخاتە ژێر دەستی چاودێری کارەوە، وە کارەکەی زەلیلی بەردەم یاریدەدەری کارگەرێکی میکانیکی دەکات، ئینجا جارێکی تریش، لۆمەکە دەخاتەوە ئەستۆی فابریکەو ئامێر لە نزم کردنەوەی پلەی کارگەردا "بەوەی سەروەرێکی دەداتێ"، ئەم زەلیل کردنەیش بەوە تەواو دەکات کە "لە پلەی پیشەگەرەوە دایدەبەزێنێت بۆ کارگەرێکی ئاسایی". ئای کە دیالەکتیک مومتازە! بەڵام خۆزگەو هەر

[6]. دیالەکتیک لەوە دەوەستێت بزووتنەوەی عەقڵی ڕەها [یەزدان] بێت، واتە ئیتر ئاشکرا دەبێت ئەمە هەر ئەخلاقگەریەکانی نێو کۆمەڵگایە بە هەردوو لایەنەکی خێرو شەڕەوە.

لەوێدا بوەستایە! نەخێر، ئەو دەبێت مێژوویەکی نوێی لە دابەشبوونی کار دەستبکەوێت، بەڵام ئیتر بۆ ئەوە نا، دژایەتی لێوەربگرێت، بەڵکو بۆ ئەوەی فابریکەکەی، لەسەر مۆدێلەکەی خۆی، پێ دابمەزرێنێتەوە. بۆ وەدیهێنانی ئەو مەبەستەیش، خۆی وادەبینێت کە ناچارە بە بیربردنەوەی هەموو ئەو شتانەی هەر ئێستا دەربارەی دابەشبوون گووتی.

کار لە شێوەی جیاواز جیاوازدا، لەسەر ئەو ئامرازانە ڕێکدەخرێت و دابەشدەکرێت کە تیایا بەکاردەهێنرێت. ئاشی دەسگێڕ دابەشبوونێک لە کار دەخوازێت جیاوازە لە ئاشی هەڵمی. هەر بەوجۆرە، ڕووبەڕووی مێژوو دەبیتەوە، کاتێک بە گشتی، دەتەوێت، لە دابەشبوونی کارەوە دەست پێبکەیت، هەتا دواتر، بگەیتە ئامرازێکی دیاریکراوی بەرهەمهێنان، ئامێر.

ئامێر کاتێگۆریەکی ئابووریی زیاتر نیە لەو گایەی گاسنێک plough ڕادەکێشێت. ئامێر هەر هێزی بەرهەمهێنانە. فابریکەی مۆدێرن، کە لەسەر پراکتیزە کردنی ئامێر وەستاوە، پەیوەندیەکی بەرهەمهێنانی کۆمەڵایەتیە، کاتێگۆریەکی ئابووریە.

لە ئینگلیزیەوە: کارل مارکس / هەژاریی فەلسەفە

کتێبی هەژاریی فەلسەفە ئامادەیە بۆ چاپ